# لێکۆڵینەوە دەربارەی

# کاریگەری (سایە و سێبەر) (SHADE & SHADOW) (الظل و الظليل)ی لەسەر دیزاینی تەلارسازی لە کوردستان

ئامادەکاری لێکۆڵینەوە

ئەندازیاری تەلارسازی ڕێپێدراو

**هێمن عبدالله رشید**

ژمارەی پێناس 10400

## كاریگەری (سایە و سێبەر) (SHADE & SHADOW) (الظل و الظليل)ی لەسەر دیزاینی تەلارسازی كوردستان

*)پێشەكی

*) پێناسەی (سایە و سێبەر) لە تەلارسازیدا

*) هۆكارەكانی پێویست بوونی بەكارهێنانی (سایە و سێبەر) لە تەلارسازی ئەمڕۆدا.

*) هۆكارەكانی شێواوی لە بەكارهێنانی (سایە و سێبەر) چین؟

*)هەندێك زانیاری سەرەتایی بۆ دیاریكردن و مامەڵە كردن لەگەڵ ڕوناكی (سایە و سێبەر).

*) شێوازەكانی دروستكردنی (سایە و سێبەر) لە تەلارسازیدا

*) كاریگەرییەكانی تیشكی خۆر لەسەر تەندروستی و بیركردنەوە و لایەنی دەرونی مرۆڤ ؟

*) سەرچاوەكان

*) **پێشەکیەك لەسەر (سایە و سێبەر)**


**کایەی تەلارسازی وەك بەشێکی دانەبڕاوی پرۆسەی ژیانکردنی سەردەم هاوشان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی جۆرێتی ژیانکردن و گرنگیدان بە (کوالیتی ژیان) ئاستی گرنگیدان بە تەندروستی و بیرکردنەوە و لایەنی دەرونی مرۆڤ و گرنگیدان بە ژینگەی بینین دەبێتە پێویستی و دەبێت پێشوەختە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و دیزاین بکرێت.**

**سەرەڕای بابەتی مرۆیی بابەتی کەمکردنەوەی ووزەی بەکاربردن لە ئاو و کارەبا و چاکسازی (صیانە)ی ماتریاڵی بەکارهاتوو لە زانستی تەلارسازی ئەمڕۆدا هەروەها بیرکردنەوە و شێوازی دیزاین کردنی ڕووکاری ناوەوە و دەرەوەی بیناکان لەبەر بونی پێویستی یەکی زۆری مرۆڤ بوەتە بابەتی زانستی و جێی سەرنجی تەلارسازان.**

**دیزاینی سروشتی بەدیهێنراوی زەوی کە لەسەر هەر سێ ڕەگەزی سەرەکی (تیشکی خۆر و خاك و ئاو) دروستکراوە کۆکەرەوەی ئەمانە بریتی یە لە سایە و سێبەر کە لە ئەنجامی بەرزونرمی خاك و چیاکان و ئەشکەوت و ژێر ڕووی ئاوەکان بە هۆی تیشکدانەوەی ڕوی ئاوەوە دروست بووە بوەتە هۆی هێشتنەوە و گەشە کردنی رووەك و درەخت و سەوزایی و ژیان بە گشتی و لەناویشیانا مرۆڤ و ئاژەڵان.**



**بەدەر لە بابەتی تەلارسازی لە بواری فیکری و فەلسەفە و ئاینی دا دووانێتی (Duality) ( ڕوناکی و سێبەر) گوزارشتن لە (خێر و شەڕ) و (هەقیقەت و درۆ ) و (ڕاست و چەوت) کە بە یەکەوە یەکتر تەواو ئەکەن و بێ یەکەمیان دووەمیش بەهای خۆی لەدەست ئەدات.**



**وێنەی بەناوبانگی بازنەی چینی**

**(تاریکی و ڕوناکی –لەناو هەموو تاریکیەك بەشێك ڕوناکی هەیە و بەپێچەوانەشەوە)**

**(هەقیقەت و سەراب–لەناو هەموو هەقیقەتێك بەشێك سەراب هەیە و بەپێچەوانەشەوە)**


**وەك ئاشکرایە مرۆڤایەتی بە گشتی و ناوچەی کوردستان بە تایبەتی لەبەردەم تەوژمێکی خێرای بە جیهانیبوندایە , بەکارهێنانی شێوازی تەلارسازیش بەشێکی دانەبڕاوی زۆر گرنگی ئەم تەوژمەیە بۆیە پێویستە لەگەل بەکارهێنانی شێواز و ماتریاڵی نوێ دا ڕەچاوی پێویستی بەکارهێنەرانی ناوچەکە بکرێت بۆ شوێنە دیزاینکراوەکان تا بتوانرێ لەگەڵ شێواز و مادەی نوێ کێشەی نوێ دروست نەکرێت و بەکارهێنەران زۆرترین سودی ماددی و مەعنەوی لە پرۆژەکان وەرگرن.**

**بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرنجێك لەسەر ئەم بابەتە گرنگە دادەنێم .**

***) پێناسەی (سایە و سێبەر)  لە تەلارسازیدا**

**سێبەر بریتی یە لە ناوچەیەکی تاریك کە لە پشتی تەنێکی ناوپڕەوە بە هۆی تێپەڕ نەبوونی ڕوناکی پێیدا لەسەر ڕوویەك دروست دەبێت بۆ نمونە سێبەری لەشی مرۆڤ بەهۆی ڕێگرتن لە گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ شەر بەشێکی زەویەکەوە دروست ئەبێت.**

**سایە بریتی یە لە ناوچەیەکی نیمچە تاریك لەسەر ڕووی تەنێك دروست ئەبێت بەهۆی پێچەوانە بونی ڕووی تەنەکە لەگەڵ ئاڕاستەی تیشکی سەرچاوەی ڕووناکیەوە هەروەها لەدەوری سێبەری تەواو دروست ئەبێت بە هۆی پەرش بونەوەی ڕوناکیەوە.**



بۆ ئەوەی لە بابەتی سێبەر و کاریگەریەکانی تێبگەین و بزانین چۆن لە تەلارسازیدا بە دروستی بەکاری دەهێنین سەرەتا پێویستە لە سەرچاوەکانی ڕوناکی و چۆنێتی و سروشتی کارکردنیان تێبگەین

سەرچاوەکانی ڕوناکی سێ سەرچاوەی سەرەکین


تیشکی خۆر

تیشکی ڕوناکی دەستکرد (کارەبا)

تیشکی ڕوناکی ئاگر (مۆم و ڕوناکی بەرئەنجامی سوتان)

لێرەدا ئێمە گرنگترین و بەهێزترین و گەورەترین بەشی بابەتەکە وەردەگرین کە ڕوناکی تیشکی خۆرە لەبەر ئەوەی دوو سەرچاوەکەی تر سنوردار و بچوك و کۆنترۆڵ کراوی مرۆڤن.

تیشکی خۆر بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی فۆتۆنەکانی ناو تیشکەکەیەوە بە نزیکەیی لەسەر هەمان کات و هەمان ڕێرەو و هەمان بڕی هێز و کاریگەری بەپێی کاتژمێرەکانی ڕۆژ و شەو و مانگەکان و وەرزەکان و پاشان ساڵەکانیش دەگاتە سەر زەوی و لەبەر زۆر گرنگی ئەم بابەتە بە وردی توێژینەوەی لەسەر کراوە و بوەتە فاکتی زانستی و لە ژیانی ئەمڕۆماندا بە ئاسانی دەستمان بە ئەو زانیاریانە دەگات تەنها لە ڕێی بەرنامەی ناو مۆبایلەکانمانەوە شێوازی جوڵە و تین و گەرمی بەپێی کاتەکان و زانیاری و داتای چەندین ساڵی ڕابردو و تەنانەت ساڵانی داهاتوو.




## *) شێوازەکانی دروستکردنی (سایە و سێبەر) لە تەلارسازی دا

**شێوازەکانی دروستکردنی سێبەر لە تەلارسازی دا بە چەند شێوازێك ئەکرێت**

### شێوازی داپۆشینی سەری چەند ڕوویەکی ستونی (سقف و کەپر)





### شێوازی هێنانە پێش و بردنە دواوەی کوتلەکان لە ڕووەکاندا









**شێوازی چەماندنەوەی ڕوەکان بە ئاسۆیی و ستونی بۆ دروستکرنی سێبەر**




**شێوازی تیشکشکێنەوە** (Sun Breakers)


**شێوازی خستنەبەردەمی چینێك بۆ پێش ئەو کوتلەیەی کە پێویست بە سێبەر دەکات  بە خشت یاخود دار**




## بەکارهێنانی دار و سەوزایی هەڵواسراو




ماڵی ئازادی نوی بەگ(سلێمانی)



## بەکارهێنانی ماتریاڵی ڕوو زبر بۆ دروستکردنی سێبەری خۆیی





## بەکارهێنانی شوشەی ڕەنگا و ڕەنگ و تاریك وهتد...

ماڵی رووف صراف (سلێمانی)




## *) هۆکارەکانی پێویست بوونی بەکارهێنانی (سایە و سێبەر) لە تەلارسازی ئەمڕۆدا

تەلارساز بە سروشتی خۆی پێویستی بە بەکارهێنانی سێبەر دەبێت بۆ دەرخستنی قوڵی (عمق) بۆ بەرجەستە کردنی شکڵەی کە پێویستە زیاتر دەریبخات لە بواری بینین دا

هەروەها بۆ بەهێزکردنی پێکهێنێکی دیزاینەکە بەسەر بەشێکی تردا پەنا بۆ بەکارهێنانی سێبەر و دەرکردن و بردنەدواوەی کوتلەکان دەبات بە چەندین شێواز.

بەکارهینانی سێبەر بۆ بەرجەستە کردنی فکرەی تەلارسازی





بەکارهێنانی سێبەر وەك پێکهێنی تەلارسازی

بەڵام ئەوەی بابەتی ئێمەیە بریتی یە لە چۆنێتی بەکارهێنانی سێبەر لە دیزاینەکان دا بۆ ئەوەی جگە لە لایەنی جوانی بە تەواوی لایەنە مرۆیی و جوڵاندنی هەستەکانی مرۆڤ و لایەنی دەرونی و ئابوری یەکانی کە پێویستی بەکارهێنەرانن بەدی بهێنێت.

ئەوەی ڕوونە مرۆڤ ناتوانێت بەردەوام لەبەر تیشکی خۆردا بێت بۆیە سێبەر دەبێتە پێویستیەکی سەرەکی و هەنوکەیی.

مرۆڤی هاوچەرخ زۆرینەی کارەکانی لەبەر سێبەر و نیمچە سێبەردا ئەنجام ئەدات لەبەر پارێزگاری کردن لە پێست و چاوو و وشك نەبونەوە و گەرما بردن و تێکنەچوونی تەندروستی بۆیە دەبێت بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکان و دیراسە کردنی بابەتی سایە و سێبەر بە پێی شوێنەکان لە دیزاین دا شوێن بگرن و کاریان پێ بکرێت.


**بەپێی لێكۆڵینەوەكان جیاوازی نێوان پلەی گەرمی لە ڕوویەكی سێبەر و ڕوویەكی بە تیشكی خۆر لە هەمان شوێن لەمانگە گەرمەكان دا بریتی یە (9) پلەی تا ( 12) پلە سیلیزی بۆیە گرنگی بەكارهێنانی سێبەر بابەتێكی هەستیارە هەرچەند لە تەلارسازی كوردیدا گرنگی تەواوی پێ نەدراوە.**

**بۆ بیرخستنەوە**

**پلەی گەرما دەپێورێت بە دانانی ئامێری گەرمی پێو** (تیرمومتر- تیرموجراف) (Thermograph) **لە سێبەردا دوور لە تیشكی خۆری ڕاستەوخۆ وە لە بەرزی نزیكی 4 پێ** (120سم) **بۆ ئەوەی گەرمی دراوەی زەویش كاریگەری دروست نەكات لەسەر خوێندنەوەكە.**

**لەبەر ئەوە بەهەردوو ئەگەرەكە كەم كردنەوەی سێبەر بۆ شوێنێك كە پێویستی بە سێبەرە یاخود زیادكردنی سێبەر بۆ شوێنێك كە پێویستی بە تیشكی خۆرە وەك یەك كێشە دروستئەكەن بۆ بەكارهێنەران.**






**ئامێری گەرمی پێو** (Thermograph)



سەبارەت بە کوردستان ڕێژەی پێویست بون بە سێبەر و خۆ پارێزی لە خۆر بریتی یە لە زیاترلە ( 8مانگ ) لە ساڵێکدا واتا ڕێژەیەکی بەرزە لەچاو وڵاتانی ڕۆژئاوا و زۆرینەی ناوچەکانی جیهان دا کە لە ڕووی پێشکەتنەوە ئێمە لە ژێر کاریگەری بەردەوامی ئەوانداین.





وێنەی چەند گەڕەکێکی کۆنی (هەولێر)

بۆ نمونە پێشتر بەهۆی باریکی شەقامەکان ,نزمی سقفەکان , شێوازی ژیان کردن , نەبونی ئوتومبیل , تێکەڵاوی خانوەکان , بونی کۆرت , هەبوونی دار , سەوزایی و باخچەی گەورەی ناو حەوشەکان سێبەرێکی زۆر دروست ئەبوو پلەکانی گەرما بە شێوەی بەرچاو دادابەزی و بە تەنها هەواگۆڕکێ یاخود هەوای ئاسایی لانی کەمی پێویستی ئاسودەیی بەکارهێنەران دەستەبەر ئەبوو.





کۆرت(حەوشی ناوەوە)

**بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە بەهۆی دورکەتنەوە لە کلتوری کوردی و دورخستنەوەی یەکەکان و جیاکردنەوەیان و هێنانە دەرەوەی سەوزایی و باخچەکان بۆ پێشــەوەی بیناکان و فراوانبونی شەقامەکان و بەرزبونەوەی سقفی خانوەکان و بچوکبونەوەی ڕووبەری یەکەی نیشتەجێبون و نەمانی (کۆرت ی ناوەوە) بوەتە هۆی ئەوەی کەمترین سێبەر دروست بێت و پێویستە بە شێوازی تەندروست چارەسەری ئەم کێشەیە بکرێت.**



**ماڵی سۆق کەریم (سلێمانی)**

**ماڵی حاجی ابراهیم اغای خفاف (سلێمانی)**






**(سلێمانی)**



**(سلێمانی)**

***) هەندێك زانیاری سەرەتایی بۆ دیاریکردن و مامەڵە کردن لەگەڵ ڕوناکی (سایە و سێبەر).**

*** بەپێی کوردستان ڕووی بیناکان بە پێی ئەزمونی ژیانی ناوچەکە بەم جۆرەیە:**




1. **ڕووی باکور : ڕویەکی باش نیە و پێویستە بیر لە گەیاندنی ڕوناکی خۆر بکرێتەوە بە قوڵترین شوێنی یەکە و باڵەخانەکە(لەگەڵ بوونی ڕەشەبای بەهێز وساردی وەرزی)**

2. **ڕووی ڕۆژهەڵات : ڕوویەکی زۆر باشە لەبەر بوونی تیشکی خۆری بەیانیان و گەرمی گونجاو بۆیە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە لە دروستکردنی سێبەر بۆ وەرزە گەرمەکان**

3. **ڕووی باشوو: گونجاوترین ڕووە بەهۆی کۆبونەی هەرسێ ڕەگەزی باشی سروشتی خۆری بەیانیان و گەرمی کەمتر لە ڕووی ڕۆژهەڵات و نەگرتنەوەی بەردەوامی ڕەشەبای وەرزی**

4. **ڕووی ڕۆژئاوا: ڕوویەکی باش نیە لەبەر نەبوونی تیشکی خۆری ڕاستەوخۆی پێویست و ساردی ناوەوەی بیناکە لە وەرزە ئاساییەکاندا لەگەڵ هاتنە ناوەوەی خۆری نزم و بێزارکەر لە وەرزی هاوین دا**

**بۆیە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە لە چۆنێتی کەمکرنەوەی سێبەری زستان و خۆپاراستن لە تیشکی خۆری گۆشە نزمی هاوینان لە دیزاینەکەدا.**

**ئەو ڕووانەی کە دەکەونە نێوانی ئەم چوار ڕووە سەرەکیەوە بێگومان باشی و خراپی دوو ڕوەکە تێکەڵ دەبن بەم پێیەش ڕووی باشوری ڕۆژهەڵات باشترین ڕووی سروشتی یە بۆ بەکارهێنان**

**وە ڕووی باکوری ڕۆژئاوا خراپترینە و پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆرتر هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ سێبەر و ڕووناکی دا.**

*) هۆکارەکانی شێواوی لە بەکارهێنانی (سایە و سێبەر) چین؟

بەکارهێنانی سێبەر پێویستی بە وردبونەوە و لێکۆڵینەوە هەیە بۆ ئەوەی ببێتە لایەنێکی بەهێز و خزمەتی دیزاینەکە بکا بەڵام چەند هۆکارێك دەبێتە هۆی ئەوەی کە سێبەر ببێتە هۆکاری نەرێنی و خاڵی لاوازی دیزاینەکە.

لێرەدا بە کورتی بەشێك لەو خاڵانە دەخەینە ڕوو

- هێنانە پێشەوەی دیواری جیاکەرەوەی نێوان یەکەکانی نیشتەجێ بوون بۆ سەر سنوری سیاجی خانوەکان کە دەبێتە هۆی دروستکردنی سێبەرێکی زۆر و ناپێویست بۆ خانووی دراوسێکان بەتایبەت لەو شوێنانەی ڕووی خانەوەکان ڕوەو ڕۆژئاوان کە زیانی تەندروستی و دەروونی دروست ئەکا.



دروستکردنی سێبەری نەرێنی
بۆ خانوی دراوسێ

- بەکارهێنانی پەنجەرەی زۆر گەورە لەو شوێنانەی کە ڕووەو خۆرە بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی گەرم بوونی ڕووەکە و تیشکدانەوەی شووشەکانیش دیسان دەوروبەر گەرم دەکەن و وزەیەکی زۆرتریش بە فیڕۆ ئەڕوات بۆ ساردکردنەوەی شوێنەکە بۆ بەکارهێنان.



بەکارهێنانی ڕووبەری گەورەی شوشە لە خانویەکی بچوکدا.

* دەرکردنی ڕێنمایی شارەوانی و سەندیکا بۆ ئەو بلۆکە نیشتەجێیانەی ڕووەکانیان ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوان بۆ ئەوەی بتوانرێ بەشێوەی زانستی بەکارهێنەران سوودمەند بن.

* لە بەشی ماستەرپلانی شاردا شێوازی بلۆکی نیشتەجێیی بگۆڕدرێت بۆ ناوچە نوێیەکان بۆ دروستکردنی ستانداردی تایبەت بە خۆمان.

* ڕێنمایی دان بە بەکارهێنانی کۆرت و حەوشەی ناو بیناکان کە لە ئەمڕودا تەنها کراوە وەك شافتی خزمەتگوزاری بەکاردێت.

* هاندان بۆ بەکارهێنانی دار بۆ واجیهەی خانوەکان وەك (شناشیل) و کەپر و سێبەری سروشتی بۆ سودوەرگرتن لە سیفەتی نەگەیەنەری داری سروشتی و خشت و هتد...


سلێمانی


هەولێر

* بەکارهێنانی تاق و داڵان و ڕاڕەوی دەرەکی (رواق) و ئەو پێکهێنانەی کە پێویستن بۆ دروستکردنی جێیەکی گونجاو بۆ بەکارهێنان.

سلێمانی



شارۆچکەی کۆیە




## *) کاریگەرییەکانی تیشکی خۆر لەسەر تەندروستی و بیرکردنەوە و لایەنی دەرونی مرۆڤ ؟

وەك ئاشکرایە تیشکی خۆر دەبێتە هۆی بوونی تەواوی ژیان وە لەسەر مرۆڤ دەبێتە هۆی دروستبوونی ئیسك و ددان و کارتێکەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕێژەی وەرگرتنی ڤیتامینەکان و کاری ئەنزیمەکانی لەش و سودی گرنگی تەندروستی هەیە

لێرەدا بە کورتی باسی سودەکانی تیشکی خۆر و سێبەری ناوەوە و دەرەوەی بیناکان دەکەین لەسەر لایەنی دەرونی و بیرکردنەوەی مرۆڤ

شێوە و هێزی تیشکەکان ئاماژەی جیاواز ئەدەن بە دەرونی مرۆڤ لە ڕێگەی بەرجەستە کردن یان ونکردنی هێزی کوتلە بیناسازیەکانەوە



بۆ نمونە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە بینایەکی ڕوناك دا لە زستان دا بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی یە و هەست بە چێژی ژیان دەکات و وزەی ئەرێنی وەرئەگرێت بە پێچەوانەوە بیرکردنەوەی هەمان مرۆڤ لە شوێنێکی تاریکی زستاندا بیرکردنەوەیەکی نەرێنی یە و وزەی نەرێنی بەرهەم ئەهێنیٚ






**بەکارهێنانی سێبەر و ڕوناکی گونجاو لە شوێنی کاردا دەبێتە هۆی زیادکردن ی بەرهەمی مرۆیی و سوود وەرگرتن لە بەرزترین توانای بەکارهێنەرانی بیناکە و بە پێچەوانەشەوە, لە ئێستادا لە زانستی دیزاین کردنی تەلارسازی ئەو شوێنانەی کە کارکردنی ڕۆژانەی ئۆفیسی تێدا ئەنجام دەدرێت یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی ئاماژە بۆکراو بریتی یە لەوەی چەندێك توانای ئەو کەسانەی کاردەکەن لەو شوێنە بخرێتە خزمەت چۆنێتی و چەندێتی ئیشەکە و هاوکات دابین کردنی بەردەوامی ئاسوودەیی گروپی کار بۆ بەردەوامی دان بە زیادکردنی چۆنێتی و چەندێتی بەرهەم.**

**بابەتی ئامادەکاری و بیرکردنەوەی لە سێبەر و تیشکی خۆر و ڕوناکی دەستکرد لە دیزاین دا  بە گشتی بەشێکی گرنگی دروستکردنی ئەم کەشە گونجاوە دەبن**





**بۆ نمونە کارمەندێك بە دابینکردنی کەشێکی باشی ڕوناکی و سێبەر ئەتوانێت ٪90 ی توانای خۆی بەکاربهێنێت و بۆ ماوەیەکی زۆر هەست بە بێزاربون و ماندویی نەکا لە کاتێکدا هەمان کارمەند لە کەشێکی زۆر ڕوناك یاخود تاریکی هەمان شوێن دا تەنها ٪50 تا ٪60 ی توانای بەکاردێنێت و بەشەکەی تری وزەی لە شتی لاوەکیدا بە خەسار ئەڕوات.**




**بڕاوێك بۆ ڕونکردنەوەی سوود وەرگرتن لە ٪90 ی تیشکی خۆر لە شوێنی کارکردن دا.**

**ئەم دەرئەنجامە لە بینای دام و دەزگا حکومی یەکان و ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆ و پەیمانگاکان و نەخوشخانە دا بەهەمان شێوەیە لەبەر درێژنەبونەوەی بابەتەکە لێرەدا ئاماژەیان پێ ناکەم.**

**نمونەیەکی تری زیندوو**

**لە پەرستگا کۆنەکان ونوێیەکاندا سێبەر و مامەڵەی دروست لەگەڵ ڕوناکی کەشێکی دەرونی بۆ پرۆسەی پەرستن دروست ئەکەن و مرۆڤ ئەچێتە ناو بەخۆدا چونەوە و بیرکردنەوەی قوڵەوە.**

**دیزاینکردنی ئەو شوێنانەی کە پێویستە کار لەسەر هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بکرێت بە ڕوونی خوێندنەوە و کارکردن لەسەر سێبەر و ڕوناکی بۆ گەیاندنی مەبەستی تەلارساز و دروستکردنی کەشێکی ڕۆحی بۆ بەکارهێنەران .**









*) سەرچاوەکان

1. لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئامادەکاری ڕاپۆرت.

2. کورتەیەك لە توێژینەوەی گروپی پاسیڤ بیلدینگ ی ئەمریکی لەسەر کاریگەری تیشکی خۆر.

3. ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی تایبەت بە بەرکەوتنی تیشکی خۆر.

4. لێکۆڵینەوەی (دکتۆر عبدالله المسند) پسپۆڕی کەش و هەوا لە زانکۆی( القصيم –سعوديه) بنیادنەر و سەرۆکی لیژنەی لێکۆلینەوەی ئەگەرەکانی کەش و هەوا.

ساڵی 2024